# ئێوارەی زەرد



ئیسماعیل خورماڵی

لەو ڕۆژەوەی کە جێت هێشتووم

ئاگر سەرو دڵی گرتووم ،

نە بزەیەک بە لێوما دێ و

نە چرایەک

نە نەختێ نوور  بە ماڵما دێ

کە تۆ ڕۆشتی وەکو پایز

ئێوارەی زەرد هەڵیگرتم

گەڵا ڕێزان کەوتە چۆپی و

# خەمی فیراق

بە ئەسیری حوزنی بردم

کە تۆ ڕۆشتی ئەی بێ وەفا

هەمووشتێ لەمن گۆڕا

لە پێ دەشتی  ئاهەنگمەوە

هەتا خەیاڵ ئەویش گۆڕا !

ئیتر دەبێ لەدووای کۆچت

مەلی بزەم چۆن هەڵفڕێ

لەنێو بەفری یادە گەرمەکانتا

جەفا ، وەفا ..چۆن هەڵگرێ !

من تێناگەم تۆ چۆن تووانیت بە جێم بێڵی

لەناو ژەهری فیراقا وا بەجێم بێڵی

هەتائێستاش کە دەمبینی فەرامۆشم  ،

دوورە چاوی مەستانەتە هەر پەرۆشم

بەڵێ ئەی یار فەرامۆشم تا دڵ حەز کا

من عەواڵی هەوالێکم

تا دڵ حەز کا

بە مردنیش لەبیری من دەرناچی تۆ

هەڵۆ ش بی خۆ

لەمن نارۆی

هەڵنافڕی تۆ !!

2005/ئەڵمانیا